# لەدایکبوون

سەردارخۆشناو

پیرمام، زستانی/٢٠٠٠

ئەو شەوە
ئەستێرەکان تروسکەگەش
مانگیش لەچواردە شەوییدا
نزای بێچاوینیان بۆ دەکرا
کەمژدەی بەرە ژانێکیان بۆزەوی
کردە پەیام،
لەوێوە دەیانڕوانی-
بەدیار ئەو ژانە لەژوان دابوون
بۆ بەیانیش-
لەو ژیانە نوێیەدا
بەر لەوەی خۆر سێبەر بنەخشێنێ
بەسەر سیلەی چیاکاندا
بەرلەوەی
بۆنیزوڵفی پیرۆز بێتە وجود
ژانەکان-
زیاتر چەکەرەیان کردو
گەدبوونەوە...
ئەو رۆژ
دەشتەکان گەردەلوولیان پێچی نەبوو
لەسەقایەکی سرٍوچرٍ لەژوان دابوون
هەر ئەو رۆژە
باڵندەکان لەهێلانەو
ئاژەڵەکان لەکولانە خەو بردەبوون،
ماسییەکان
رۆژی زاوزێ وگەرایان بوو
کەچی لەقەراغ دەریادا
ئالآی یاخی بوونیان هەڵداو

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

خۆیان تۆراند..

هەرچی دارو دەوەنی سروشت هەبوو

شنەبا نەیلەراندنەوە

ئەو رۆژ

لەگەرمەی:

بلێسەی گڕێك

كرانەوەی خونچەیەك

لەنێوگۆڕی تەنگدا

مردووەكان بەكفنی زەرد

بۆ ساتێ بیستنی زیرەیێ

رۆحیان هاتەوە جەستەیان..

ئەو رۆژ

چلە، چلە پۆپە بوو

تادەهات ژان بەژان ترو

دژواتر بوو

جوڵەش لەومناڵەی

جیهانێكی پڕ لەگوناه

بۆهەڵنگفتنی چاوەكانی

چاوەروانە و چاوەروانە

هەموو گوێیەكان

لەئان وساتی دوا بەرەژانی

ئەو ژانە بوون...

دەنگی كاتژمێر وەستا

مەلا خەوتوو

بانگ دواكەوت،

وادەی نوێژ

تیشكی زەردی خۆر بردی

دەرگای كڵێسەش نەكرایەوە،

هێشتا عیسا لەخاچ نەدرابوو

سەردەم هەر ئەو سەردەم و

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

گۆچانەکەی لەدەستدابوو

سەرساڵە ئازیزم

میلادی پیرۆزی ژوانی ژانی تۆ

لەشەوقی مانگ بەدیدەکەم

لەئەستێران دەخوێنمەوە

کەژوانی ژان چەندێک گرانە

تلانەوە لەنێو ژانی تۆدا

لەگەڵ ئاوازی تەلی مۆسیقاو

زەنگی تەلەفۆنی سپێدەدا

بەنێو رۆحم هێدی هێدی هەڵکشاو...

بالآت لەبالآی شاخ ترازا

بەرلەوەی گەلآی زەرد ببینم

تۆ هاتی..

بەرلەوەی تۆپەڵی بەفر ببینم

تۆ هاتی و

پانتایی هەستی منت،

کردە کێڵگەی حەزەکانت و

لەگەڵ گەرمای رەش وبەقین

لەنێو دڵە چکۆلەکەم

هێلانەی بێ بەختی من وخۆت دەکوتاو

لەرەشەبای وەرزی لەدایکبوون

خۆت لە توێشوی دڵم

حەشاردا وکردتە پەنا...

بەدیار شەپۆلی رووباری خوێنی ساردی

ئەو دڵە بێنازەوە

هەناسەی گەرمی زەمەنێکت کردە پێخەف و

رووی ساردی سرت داپۆشی

نەبا سەهۆڵ بەندان

کەلەبچە بخاتە مەرگی ناوەختی تۆو

لەدوا مەنزڵ

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

بەردی خشت و خاك وخۆڵی

مرۆ خۆرەكان

لەسەر جەستەی میوانداریت

دەمیان بەگەڵاوەریوەكان بسرنەوە٠

میلادت پیرۆز ئازیزم،

چراخانی ژانی دایەو

ژانی دڵم..

هەستت هەڵخەو

گوێ رادێرە،

رەشماڵی دڵی بەخورپەت

لەسەر تیلە رێی كاروانم

سینگۆڵە بەخاك رادەسپێرێ

كاروانی رۆژگاری تەماوی ئێرە

ئێرەی وڵاتی حەسرەت وئاخ وئەسەف

لەجۆرو زۆرو كەمیدا

بە رووناكی مانگ رێدەكەن،

مانگی باوەشی ئاسمانە شینە

چەندێك دوورە،

تێرای رووناكی بێ سنوورە

كاروانی ئەڤینداری من

چەشنی ئەوان،

كەبەتەنها رێگە دەبرێ،

رێگەو مەنزڵ

بەرەو سنوورێكی تەلبەند كراون،

مانگی من ومانگی ئەوان

دوو خەسڵەتی جیا هەڵدەگرن

ئەوان بەتاقی ئاسمانا

دەگەڵ ئەستێران

ئومێدی رێبڕی دەكەن

منیش بەبەرچاوی روونم

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

هیوای دوا رۆژێك هەڵدەگرم

بەوهیواوە

کۆڵەپشتم لەپشتایەو

هەنگاو هەنگاو

هاورێی رێگە دوورەکانم و

رێگەش بەزەمەن جێدەهێڵم..

دەست لەشەوی شووم دەدەم

شوێن پێی گەرۆکان دەکەوم و

کاروانچییەکەی جارانم

کۆڵەپشتی سوارەیشم هەر لەپشتایەو

تەمەنێکە بە ئومێدە لەم ژیانەو

ئومێدیشم قەترانی فرمێسکەو،

پەنا بۆ فرمێسکم دەبەم

لەکانیاوی ئەو دڵەی تیای حەشاری

پەراوی دڵی میلادت

پیرۆز دەکەم...

میلادت پیرۆز..ئازیزم

خۆشەویستی دڵەی بەسۆم

سەرزەنشتی هەستی ماندووی فیرقەت

رۆژگارێکی پڕلە ئازارەو

تەماوی دەکات...

ئازاری من

بۆ برینی بەسوێی جەستەت

وەك پێ پەتێکی سەحرای گەرۆك

یا گەڕیدەی لوتکەو دۆڵ

دەهانات دێ،

تۆبەچاوی هەستی رابردوو

بگەرێ بەدوایدا

ئەوە پەنجەم،

پەنجەی دەستی چکۆلەم بوو

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
5-4-2003 1:21

کەیەکەم جار
لەنێو هزری ریش سپییەکان
لەنێو تارمایی لەچکی رەشدا
تۆ گرتداو تۆگرتدا،
چ زامێکت خستە دەروون
کامە حەکیم سارێژی دەکات؟
لێم مەپرسە بۆچ هەر وێڵم
بێکەس وبێلانە خۆمم
سەرگەردانی ئەسمەر
بۆتە گرێی هیجرەت
غولامی هەستەکانی خەمەی خۆمە
میلادت پیرۆزئازیزم
چاك دەزانم
دەخەیتەوە بەرخەیاڵم
مودەتێ بوو خامەی دەستم
دۆستی نەبوو..
کۆچی کورتت، کورتی هێناو
گەرانەوەیە بۆ ژوان
لەرۆژانی شێتی ژوانت
چەندەها جار دەتۆراندم
کەچی گریان
مەودای درێژی بۆ بریم،
ئەی رۆحە هاوبەشەکەی دەروونم
ئازیزەکەی خەو خەیاڵ...
خەمی من :
هاوتەمەنم
هاوگیانم
هاوکوفم،
هاوبیرم
هاومیلادی لەیەك نزیک

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
5-4-2003 1:21

سۆزو تامەزرۆیی

ماچە رۆحییەکانی دەروونی تەنیاییم

بۆ ئەو زەمەن دەکەمە دیاری و

بۆبەهاران لەسەر رەفەی

پەنجەرەکانی دڵەماندووەکەم،

هەڵگیان دەگرم

لەپاییزدا نوێ دەبنەوەو

لەزستانا پێت دەبەخشم

لەبیست وهەشت بەهاری تەمەنت

بیست وهەشت چەپکەگوڵی خونچەیی

دەخەمەبەرپێی هەناسەکانت

بیست وهەشت دڵۆپی خوێنم

ناوێکی پیرۆزدەنووسێ

بیست وهەشت جارگەر خوا بکات

مەرگم پێش مەرگی تۆکەوێ

بیست وهەشت جار دەیڵمەوە..

لەدڵمی،

لەنێو چاومی

تێکەڵاوی هەناسەمی

لەزستانی ئەم ساڵەدا،

بیست وهەشت جار

لەدایکبوونت،

لەدایەو لەمن ولەوانەش پیرۆزبێ

ئازیزی منیان خۆش دەوێ...

..........................................................................

ململانێی هاویینی کزومەلوول

بەکفنی مەرگ پێچرایەوە

دەهات ئەوین بەر نەهات بکەوێ

بەر لەکۆچی

گۆنای ناسك

..........................................................................

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

تێر ماچ کرا

بەهارە سەوزەی من

پەلەیەتی لەدوای هاوین

بگاتە کۆچ...

پاییزی هەژاری گەڵاوەریوەکان

زۆر بەنەرمی بارگەی هەڵخست و هاتەوە،

بۆ زستانی هەموو ساڵێ

لەکپەی بەفری سپیدا

لەنێو گرمۆڵەبوونی هەور

بۆ لێوە پڕماندووەکەی

باخی عیشقی فەرهاد

بۆ شیرین سلاّوی ماندووی سەندەوە

هاتەوە...ئەمجارەیان

بەخەسرەتەوە روانیم

ئەم وەرزە هێدی وخێرا

وەک هەر جارەی

بەرەو رووم هات،

لەنێوئەو وەرزەدا

لەدایکیوونی دڵی مەستی خۆم دیتەوە،

دوو یادەو سێ وچواریش

هاتەوەو هەربەرێوەیە،

تەمەنم:

............................................................

سی بەهارو

سی هاوین و

............................................................

سی پاییزو

سی زستانە،

لەهەمان رێگەی کازیوەی سپێدەدا

هەناسەی ماندوو

ویژدانی بەئازار

دڵەی بەزام وشەکەت

دەمبەنەوە بۆ باوەشی دایە

دایەم لەدایکبوونێکی نوێ و

جیهانێکی بێتەلبەندو

بێ سنووری نەخشکراو

بێ وەرزی هەمەرەنگ

زستانی بێ گرموڵە بەفرو

شڵێوە باران و

بەهاری بێ چڵەنێرگزی زەردوویی و

پاییزی بێ خەزانی ئازیزەکەمە

خەزانە لەمن خەزان..

تۆ خەزان دۆست و

منیش بێ تۆ هەمیشە خەزان و

ترسە لەخەزان،

نەبانگی مزگەوتی شێخ و

نەکڵێسەی بێ زرنگی زەنگۆڵە،

لەخەوە ئەفسوناوییەکانم

رام ناچڵکێنن...

چاوەڕوانم،

لەگەڵ هەور،

باران وبەفری پیرە زستان،

یاد بەدوای خۆیدا

یادی لەدایکبوونێکی تر

لەهاوارێکی تر

بۆ ساتەوەختێکی پرژان

بەژانەوە من وتۆ

دەژان دێنێ و

دەستی لەرزۆکی ساڵان

ناگاتە هانات،

هەر دەبێ بێیتەوە

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

بێیتەوەو ئاخ،

بۆ ئاخێکی تر هەڵکێشی

چاوێک لەهەولێروقەلاَوە

چاوێک بەنێو کوچەو کۆلاَنی تەنگ و

شەقامی بێناز

چاوێک لەدەشت ودەر

چاوێکیش لێرەو لەوێ

لەشێتەکانی ولاَتی خۆت بپرسی

بۆ شێتێک دەگەڕێیت و دەگرییێت

پەیڤە بەگوڵەکانی بکاتە قەفت و

لەساڵی لەدایکبوونت

بکاتەوە بەتروسکایی رۆژان و

لەدەوری زەمەنێکی نوێ

بۆدیداری ئاهێکی نوێ

مۆمەکانی تەمەن

گرد بکەیتەوەو

لەکۆنەهەواری دڵداریدا

بۆ چاوە شینەکان،

تیژی چاوت،

لەبنمیچەی ژوورەکاندا

وەکو منالً

چاوشارکێ لەگەلً حەز بکات

حەزتە بەرسێەرەی دڵی سواربکەوێ و

زەمەنی دووری حەزەکان بپێکیت و

لاشەی شۆڕەلاوەکەی خۆت

بەدیار بتی بالاَتەوە

بەهێماوە لەنێو هێماو

رۆحێکی پاکی بەفراوی

بۆ دووری وکۆچی ناچاریت

لەپێش مردن

www.kurdistannet.org
5-4-2003 1:21

لەسەر بەرماڵی نوێژدا
لەهەرسوجدەی سەربەرماڵدا
ڕەنگێک ڕەمزی ئەبەدییەو
وێنەدەگری ...
لەدوا هەناسەی ژانداو
بۆ دواجاریش هەتا مردن
ئەڵقەی بێ بووکینیت
دەخەمە پەنجەو
پیرۆزەی شین
لەگەردنم دەئاڵێنم
لەدواساتدا گوێم لێیە،
دەنگێک لەچلەوە
خزایە نێو پەرەی مێژوو
سێبەر بوونە چراخان
ڕووی خۆم
لەڕووی سەر دەریا دۆزییەوە
شارم بەرگی خامۆشی
کردە ملی شاخ و
لەوێوە ژیانی منداڵێک
بەدڵ تێرو بەحەز برسی
دەستی پێکرد،
بەڵام داخە
گەلێ گرانە،
بەهارە ساڵ ئۆغر ئۆغر
تەمەن دەبا،
لەچلەی زستانی هەر ساڵێ
ساڵێک لەتەمەنی دڵم دەبا،